# تەوەکول و جۆرەکانی

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئیبن قەیم ئەلجۆزیە

وەرگێڕان وپوخت کردنی: فەرمان عەزیز نەجار

**پێداچونەوەی:**پشـتیوان سـابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ التوكل وأنواعه ﴾

« باللغة الكردية »

ابن قيّم الجوزيّة

ترجمة: فرمان عزيز نجار

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# تەوەكول و جۆرەكانی

تەوەكول لەسەر خودا كردن دوو جۆری هەیە:

یەكەمیان: مرۆڤ كە تەوەكول لەسەر خودا دەكات بۆ پڕكردنەوەی ئاتاجیەكانیەتی لە دنیا، یان بۆ لێ لابردنی نەهامەتیەكانیەتی لە دنیا .

دووەمیان: تەوەكول لەسەر خودا دەكات بە مەبەستی بە دەست هێنانی ئەو شتانەیە كە خوا پێی خۆشە وەكو: لە ئیمان و یەقین و جیهاد و بانگەوازی بۆ خوا.

گەورەترین جۆری تەوەكول كردن لەسەر خوا تەوەكولی هیدایەت و یەكتاپەرستی و شوێنكەوتنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و جیهادە، كە ئەم جۆرەیان تەوەكولی پێغەمبەران و شوێنكەوتوانییانە .

تەوەكول جاری وا هەیە دەبێتە ناچاری، ئەویش كاتێك مرۆڤ هیچی چەنگ ناكەوێت تەنها تەوەكول نەبێت لەسەر خوا، هەر وەك ئەوەی دەبینین مرۆڤێك هیچ لە دەسەڵاتی نایەت لەو كارەی بۆی پێش هاتووە، دەبینیت هیچ مۆڵگەیەك نیە جگە خوا نەبێت، بۆیە ئەوكات بەناچاری تەوەكول لەسەر خوا دەكات.

جاری واش هەیە تەوەکول بە هەڵبژاردنی خوی مرۆڤەکە خۆیەتی، ئەمەشیان لە کاتێکدا دەبێت کە دەبینیت هۆکارێك هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەی، جا ئەوکات ئەگەر هاتوو هۆکارەکەی هەیە شەرعی بوو، خوا رێگای دابوو ئەنجام بدرێت، ئەوە وازلێهێنانی لۆمەکراوە و باش نیە، بەڵام ئەگەر هاتوو تەنها پشتی بە هۆکارەکە بەست و پشتی لە تەوەکول کرد، ئەمەش لۆمەکراوە باش نیە، بەڵکو وا چاکە و واجبە هۆکارەکە ئەنجام بدات و تەوەکولیشی لەسەر خوا بێت .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەنجام دانی هۆکارەکە حەرام بوو، ئەوە واز لە هۆکارەکە دەهێنێت و پشت بە تەوەکولەکە دەبەسێ، چونکە تەوەکول گەورەترین هۆکارە بۆ گەیشتن بە ئامانج و لابردنی نەهامەتیەکان، بەڵکو بەهێزترین هۆکارەیشە، ئەگەر هۆکارەکە (مباح) بوو، ئەوە تێی دەڕوانێ بزانێ ئایا ئەو تەوەکولەی لەسەر خوا هەتە بێ هێزی دەکات یان نا ؟ جا ئەگەر بێ هێزی دەکرد، ئەوە وازهێنانی چاکترە، بەڵام ئەگەر بێ هێزی نەدەکرد دەست پێوەگرتنی چاکترە، چونکە حیکمەتی خوای گەورە وا دەخوازێت، ناکرێت وا نەکرێت، بە تایبەت لە بەندایەتییدا، ئەوکات دەکات بەندایەتی دڵت بە (توکل) کردووە، بەندایەتی ئەندامەکانیش بە هۆکار ئەنجام داوە .

ئەوەی تەوەکول پتەو دەکات دەستگرتنە بەو هۆکارانەی فەرمانیان پێکراوە، هەرکەسێك بەم شێوە نەکات ئەوە تەوەکولەکەی دروست نابێت، هەر وەکو چۆن دەست گرتن بە هۆکارەوە بۆ ئامانج ئەوە (رجاء) بۆ مرۆڤ فەراهەم دێنێت، هەر

کەسێك وانەكات ئەوە (رجاء)ەكەی تەمەننایە، هەركەسێك دەست بە هۆكارەوە نەگرێت، دەكات تەوەكولی بێ دەسەڵاتیە، بێ دەسەڵاتیەكەشی تەوەكولە.

نهێنی و راستەقینەی تەوەكول پشت پی بەستنی دڵە تەنها بە خوا، دەست گرتن بە هۆكاریش زیانی پی ناگەیەنێت ئەگەر دڵی پێوە نەبەستێتەوە و پشت و پەنای تەنها ئەوبێت، هەر وەكو ئەو سوودی پێناگەیەنێت كە بڵێت: (توكلت على الله) واتە: (توكل)م لەسەر خوا كردووە. لەگەڵ ئەوەشدا پشت و پەنا و بڕوای بەكەسێكی تر بێت، چونكە (توكل)بە زمان شتێكە و (توكل) بە دڵیش شتێكی ترە، هەر وەكو تەوبەكردن بە زمان لەگەڵ سووربوونیشی لەسەر گوناە شتێكە، وەتەوبە كردن بە دڵ و بەزمان نەگووتنی شتێكی ترە.

بەندە كە دەڵێت: (توكلت على الله) واتە: (توكل)م لەسەر خوایە، لەگەڵ ئەوەشدا بە دڵەوە پشتیوانی بە غەیری خوا بێت، وەكو ئەوە وایە كە بلێت: (تبت إلى الله) واتە: تەوبەم كردووە بۆ خوا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سووربێت لەسەر گوناە و تاوان.